Vision Foundation
for Strategic Studies
دامەزراوەی ڤیژن بۆ لێکۆڵینەوەی ستراتیجی

تشرینی دووەم ٢٠٢٥

# هەوڵەکانی سودانی بۆ وەرگرتنەوەی پۆستی سەرۆکوەزیران، دەرفەت و ئالەنگارییەکان

**د. نەوزاد هێتوتی**

دکتۆرا لە سیاسەتی دەرەوەی ئەمریکا بەرامبەر ڕۆژهەڵاتی ناڤین و پرسی کورد-زانکۆی لێستەر.
پرۆفیسۆری یاریدەدەر لە بەشی پەیوەندییە نێودەوڵەتییەکان و دیپلۆماسی/ زانکۆی سەڵاحەددین.

**ئەم بابەتە بە زمانی ئینگلیزی لە پەیمانگای واشنتۆن بڵاوکراوەتەوە .**

Sulaymaniyah, Ashty,
Opposite to Azadi Park
www.visionfoundationiq.org
+964 772 330 0005

# هەوڵەکانی سودانی بۆ وەرگرتنەوەی پۆستی سەرۆکوەزیران، دەرفەت و ئالەنگارییەکان

## پێشەکی

بڕیارە لە (١١)ی تشرینی دووەمی (٢٠٢٥) هەڵبژاردنی گشتی لە عێراق بەڕێوە بچێت. ئەم هەڵبژاردنە لە کاتێکدایە، کە گۆڕانکاریی زۆر گەورە لەسەر ئاستی ناوچەکە ڕوویانداوە؛ لەوانەش ڕوداوەکانی (٧)ی تشرینی یەکەم(ئۆکتۆبەر)، شەڕی ئیسرائیل لەگەڵ حەماس، شەڕ لەگەڵ حزبوڵڵا و حوسییەکان، کەوتنی ڕژێمی ئەسەد، هێرشی ڕاستەوخۆی ئیسرائیل بۆ سەر ئێران و لاوازبوونی بەرەی موقاوەمە بە گشتی لە ناوچەکەدا. لەلایەکی ترەوە؛ ئەم هەلبژاردنە لە کاتێکدا بەڕێوە دەچێت، کە دابەشبوونێکی گەورە لە ناو هێزە شیعەکاندا هەیە و (چوارچێوەی هەماهەنگیی شیعەکان) بە چەندین لیست و قەوارەی جیاواز بەشداریی پرۆسەی سیاسی دەکەن. ئەوەی جێگەی سەرنجە، لەم هەڵبژاردنەدا ململانێی ناو ماڵی شیعەکان، بەتایبەت لەنێوان نوری مالیکی و محەممەد شیاع سودانی بۆ وەرگرتنی پۆستی سەرۆکوەزیران، زۆر توندبووە، بەڵام هاوکێشە سیاسییەکانی دوای ساڵی (٢٠٠٣) ئەوە دەسەلمێنن؛ کە وەرگرتنی پۆستی سەرۆکوەزیران تەنیا پەیوەندیی بەوەوە نییە کە کێ زۆرترین دەنگ دەستەبەر دەکات، بەڵکو لەم هاوکیشەیەدا ئێران و هاوپەیمانەکانی لە عێراقدا ڕۆڵی سەرەکی و یەکلاکەرەوە دەگێڕن لەوەی کێ دەبێتە سەرۆکوەزیران یان سەرۆك كۆمار.

## کارتەکانی سودانی بۆ وەرگرتنەوەی پۆستی سەرۆکوەزیران

چوارچێوەی هەماهەنگیی شیعەکان، کە زۆربەی هێزە شیعەکان، بەتایبەتیش هاوپەیمانەکانی ئێران لەخۆ دەگرێت، وەك کاردانەوەیەك بەرامبەر ڕێککەوتنی سێقۆڵیی نێوان سەدر، پارتی و هاوپەیمانیی تەقەدومی حەلبوسی لە ساڵی (٢٠٢١) دروست بوو. دیارە، هەر لەسەرەتاوە ناکۆکی و جیاوازیی زۆر لەنێوان هێزەکانی ناو چوارچێوەی هەماهەنگیدا هەبووە، بەڵام ترس لە بەهێزبوونەوەی پێگە و دەسەڵاتی سەدر لە لایەك، هەروەها ڕۆڵی ئێران لە لایەکی ترەوە، بۆ هێشتنەوەی یەکگرتوویی ئەو هاوپەیمانەتییە فاکتەری سەرەکی بوونە . لە دوای کشانەوەی سەدر لە ساڵی (٢٠٢٢) چوارچێوەی هەماهەنگیی بە ڕێککەوتن لەگەڵ کورد و سوننەکان، حکومەتێکی نوێی بە سەرۆکایەتیی (سودانی) پێکهێنا. لە هەڵبژاردنی پارێزگاکانی عێراقدا، کە لە کانوونی یەکەمی ساڵی (٢٠٢٣) بەڕێوە چوو، هێزەکانی ناو چوارچێوەی هەماهەنگی لە بەغدا و ناوچە شیعەکان بە چەندین لیستی جیاواز بەشدارییان کرد، بەڵام لە ناوچە کوردی و سوننییەکان بۆ پەرتەوازەنەبوونی دەنگیان بە یەك لیست بەشدارییان کرد و توانییان یەکگرتوویی خۆیان بپارێزین. هەرچەندە سودانی لەسەرەتادا مەبەستی بوو بە لیستێکی جیاواز بەشداریی هەڵبژاردنی پارێزگاکان بکات، بەڵام لە ژێر گوشاری لایەنەکانی ناو چوارچێوەی هەماهەنگی و، بۆ پاراستنی حکومەت و دەسەڵاتەکەی، بەشداریی پرۆسەکەی نەکرد، بەڵام ئەمە تاسەر نەبوو، لە هەڵبژاردنی داهاتووی پەرلەمانی عێراق، کە بڕیارە لە (١١)ی تشرینی دووەمی (٢٠٢٥) بەڕێوە بچێت، سودانی بە ئالەنگاریکردنی هەموو هێزەکانی چوارچێوەی هەماهەنگی، لیستێکی تایبەت بە خۆی ڕاگەیاند، بەم شێوەیەش چوارچێوەی هەماهەنگیی تووشی لێکترازانی گەورە کردووە و ململانێ و دابەشبونێکی گەورەی لەناو هێزە شیعەکاندا دروست کردووە.

لەم ڕووەوە، چوارچێوەی هەماهەنگی بۆ پرۆسەی هەڵبژاردنەکانی پەرلەمانی داهاتوو بەسەر زیاتر لە (١٠) لیست و قەوارەی جیاوازدا دابەشبوونە. (هاوپەیمانیی بونیاتنان و گەشەپێدان - ائتلاف الإعمار والتنمية)، کە لە (٢٠)ی ئایاری (٢٠٢٥) ڕاگەیەنراوە و لەلایەن سودانییەوە سەرکردایەتی دەکرێت، یەکێکە لە قەوارە هەرە بەهێزەکان. ئەم هاوپەیمانێتییە لە (٧) پارت و هێزی سەرەکی پێکدێت و کۆمەڵێك سەرکردە و کەسایەتیی جیاوازی سیاسی، سەربازی و عەشایری، کە خاوەن دیدگا و بۆچوونی لێکجیاوازن، لەخۆ دەگرێت. گرنگترین لایەنەکانی پێکهێنەری ئەم هاوپەیمانەتییە ئەمانەن: تەیاری هەردوو فورات، بە سەرۆکایەتیی سودانی، گردبوونەوەی وڵاتی سۆمەر، بە سەرکردایەتیی وەزیری کار ئەحمەد ئەسەدی، هاوپەیمانیی نیشتمانی بە سەرکردایەتیی ئەیاد عەلاوی، هاوپەیمانیی ئیبداع، بە سەرۆکایەتیی نەسیف خەتابیی پاریزگاری کەربەلا، گردبوەنەوەی نەوەکان، بە سەرۆکایەتیی محەممەد سەهیود، هاوپەیمانیی چارەسەری نیشتمانی بە سەرۆکایەتیی محەممەد دیراجی، گرێبەستی نیشتمانی، بە سەرۆکایەتیی فالح فەیاز-ی سەرۆکی دەستەی گشتیی حەشدی شەعبی.

شایانی باسە سودانی لە ژیانی سیاسییدا لە دوای ساڵی (٢٠٠٣) کەسێکی نزیکی نوری مالیکی بووە، بەتایبەت بەهۆی ئەوەی ئەندامی پارتی دەعوە و هاوپەیمانی دەوڵەتی یاسا بووە، کە مالیکی سەرکردایەتیی دەکات. لە دوای ساڵی (٢٠٠٣) سودانی زۆر پۆستی وەرگرتووە، لەوانە: پۆستی پاریزگاری میسان(٢٠٠٩- ٢٠١٠)، وەزیری مافی مرۆڤ(٢٠١٠- ٢٠١٤)، وەزیری کاروباری کۆمەڵایەتی(٢٠١٤- ٢٠١٨). سودانی لە ساڵی (٢٠١٩) لە دوای خۆپیشاندانی تشرینییەکان لە عێراق، لە حزبی دەعوە و هاوپەیمانیی دەوڵەتی یاسا جیابووەوە و لە کانوونی دووەمی ساڵی (٢٠٢١) تەیاری (هەردوو فورات)ی دامەزراند. سەرچاوەکان باس لەوە دەکەن  کە سودانی بەم هەنگاوەی دەیوست سەربەخۆیی سیاسیی زیاتری هەبێت و ببێتە سەرۆکوەزیرانی عێراق، بەڵامبە هەڵبژاردنی موستەفا کازمی هەوڵەکەی شکستی هێنا. لە دوای هەڵبژاردنەکانی ساڵی (٢٠٢١) و دروستبوونی قەیرانی گەورەی سیاسی، دواتریش کشانەوەی سەدر لە پرۆسەی سیاسی، دەرگای بەخت بە ڕووی سودانیدا کرایەوە و  لە (٢٧)ی شرینی یەکەمی ساڵی (٢٠٢٢) وەك کاندیدێك کە سازانی لەسەر بێت، بە پاڵپشتیی ڕاستەوخۆی مالیکی و چوارچێوەی هەماهەنگی، بە ڕەزامەندیی کورد و سوننەکان پۆستی سەرۆکوەزیرانی وەرگرت.

لەو کاتەی سودانی پۆستی سەرۆکوزێرانی وەرگرتووە، بەردەوام چاوی لەوە بووە و کاری کردووە بۆ ئەوەی دووبارە ئەو پۆستە وەربگرێتەوە. وەك ئاشکرایە کاتێك سودانی بووە سەرۆکوەزیران، پێگەیەکی سیاسیی زۆر لاوازی هەبوو، تەنانەت لە پەرلەمان هیچ کوتلەیەکی نەبوو، تا پاڵپشتیی بکات. ئەمەیش ناچاری کرد کە بۆ پاراستنی پێگە و پۆستەکەی سیاسەت و ئەجێندای چوارچێوەی هەماهەنگی بەتەواوەتی جێبەجی بکات. تەنانەت گرووپە چەکدارەکان ناویان لێنابوو (بەڕێوەبەری گشتی)، بەڵام سودانی بە تێپەڕبوونی کات توانیویەتی جێپێی خۆی قایم بکات. لەلایەك بۆ هەڵبژاردنی پەرلەمان توانیویەتی هاوپەیمانییەکی بەهێز دروست بکات. هەروەها لە پەرلەمانیش کوتلەیەکی دروست کردووە، کە لە زیاتر لە (٥٠) ئەندامپەرلەمان پێکدیت. مەبەستی سودانی لە دروستکردنی ئەو کوتلە پەرلەمانییەش ئەوەیە ڕێگری لە ڕکابەرەکانی بکات، کاتێک بیانەوێت لە ڕێگەی پارلەمانەوە پێگەکەی لاواز بکەن. بە گشتی خاڵە بەهێزەکانی ئەم هاوپەیمانێتییەی سودانی  ئەمانەی خوارەوەن:

**یەکەم:** ئەم هاوپەیمانێتییە زیاتر تەرکیزی لەسەر پرسەکانی ئابووری و گەشەپێدانە لە عێراقدا و گوتارەکەی زیاتر جەختکردنە لەسەر دژایەتیکردنی گەندەڵی، بەهێزکردنی ئابووریی عێراق و پێشکەشکردنی خزمەتگوزارییەکان.

هەنگاوەکانی سودانی بۆ زیادکردنی موچەی خانەنشیان، ئەنجامدانی پرۆژەی گەورەی گەشەسەندنی ئابووری لە بەغدا و پارێزگاکانی تر، هەنگاوەکانی بۆ دروستکردنی پرۆژەکانی ڕێگاوبان، هەوڵدان بۆ بەهێزکردنی ژێرخانی ئابووریی عێراق و کەمکردنەوەی ڕێژەی بێکاری، هەروەها بڕیارەکانی بۆ دروستکردنی زیاتر لە هەزار قوتابخانە و زیاتر لە یەك ملیۆن یەکەی نیشتەجێبوون بۆ هاووڵاتییان و خەڵکی کەمدەرامەت، هەموو ئەمانە بوونە هۆی زیاتر بەهێزکردنی پێگەی سودانی. بە شێوەیەکهەندێك لە ڕاپرسییەکان کە لە ساڵی (٢٠٢٣) ئەنجام دراون، ئاماژە بە بەهێزبوونی پێگەی سودانی دەکەن لە ناو شەقامی عێراقیدا. بەپێی ئەو ڕاپرسییەی، کە دەزگای (غالوب) لە ساڵی (٢٠٢٣) کردوویەتی نزیکەی (٦٩٪)ی هاووڵاتییانی عێراقی لە ئەدای سودانی ڕازین.

**دووەم:** بێگومان سودانی، کە پۆستی سەرۆکوەزیرانی هەیە، ئەمە کاریگەریی زۆری لەسەر کۆکردنەوەی دەنگەکان بۆ لیستەکەی و بەهێزکردنی پێگەکەی دەبێت. لە ڕابردوودا ئەو ڕاستییە سەلمێنراوە، کە ئەوەی پۆستی سەرۆکوەزیرانی وەرگرتووە، لە پرۆسەی هەڵبژاردنەکاندا دەنگی زۆری هێناوە. هۆکارەکەش ئەوە بووە؛ بەردەوام سەرۆکوەزیران سەروەت و داهاتی دەوڵەتی بۆ بەهێزکردنی پێگەکەی بەکارهێناوە، بەدڵنیاییەوە سودانیش لەمە بەدەر نییە.

**سێیەم:** هەرچەندە هێشتا دیار نییە؛ (سەدر) لە هەڵبژاردنەکاندا بێلایەن دەبێت یاخود پاڵپشتیی لایەنێکی دیاریکراو دەکات، بەڵام هێزەکانی ناو چوارچێوەی هەماهەنگی ترسی گەورەیان هەیە، کە سەدر لەم هەڵبژاردنەدا بۆ لێدان لە چوارچێوەی هەماهەنگی، پاڵپشتیی سودانی بکات، بەمەش هاوکێشەی هەڵبژاردنەکان بە شێوەیەکی ڕیشەیی بگۆڕێت. بۆیە هەندیك پێیان وایە سوپرایزی هەرە گەورەی ئەم لیستە ئەوە دەبێت کە سەدر بە ڕاستەوخۆ یان ناڕاستەوخۆ پاڵپشتییان بکات. بۆ پاڵپشتیکردنی ئەم بۆچوونەش هەندێك لە سەرچاوەکان باسی ئەوە دەکەن؛ کە لەم ماوەیەدا سەدر ڕایگەیاندووە؛ هەر لایەنێك کار بۆ بەهێزکردنی عێراق، داماڵینی چەکی گرووپە چەکدارەکان و ڕێگەگرتن لە دەستتێوەردانی دەرەکی بکات، ئەو پاڵپشتیی ئەو لایەنە دەکات. ئەمەیش وا لێکدرایەوە؛ کە ئەم پەیامە ناڕاستەوخۆ ئاڕاستەی سودانی کراوە.

**چـوارەم:** سودانی تا ڕادەیەك پەسەندی کۆمەڵگەی نێودەوڵەتییە و تاڕادەیەك توانیویەتی هاوسەنگی لەسەر ئاستی ناوچەکە ڕابگرێت. هەروەها لە کاتی کەوتنی ئەسەد وێڕای گوشارەکان بۆ تێوەگلاندنی عێراق لە شەڕەکەدا، بەڵام سودانی خۆی لەمە پاراست. هەروەها لە میانەی شەڕی ئێران و ئیسرائیل سودانی توانیی عێراق لە ئاگری ئەو شەڕە بپارێزێت. لە لایەکی تریشەوە، تەنانەت وێڕای دژایەتیی هێزە شیعەکان و گرووپەکانی بەرەی موقاوەمە، سودانی، ئەحمەد شەرعی بۆ بەشداریکردن لە لووتکەی دەوڵەتانی عەرەبی لە بەغدا بانگهێشت کرد.

## سیاسەتەکانی نوری مالیکی بۆ لێدان لە پێگەی سودانی

نوری مالیکیی سەرۆکی لیستی دەوڵەتی یاسا ڕکابەری هەرە سەرەکیی سودانییە. مالیکی سەرکردەیەکی مێژوویی پارتی دەعوەی ئیسلامییە لە عێراقدا و دوو جار پۆستی سەرۆکوەزیرانی لەنێوان ساڵانی (٢٠٠٦-٢٠١٤) وەرگرتووە. مالیکی لە ڕێگەی لیستەکەیەوە دەیەوێت هەژموون و کاریگەریی خۆی لەسەر هێزە شیعەکان بپارێزێت و زیاتر باوەڕی بە یەکگرتوویی چوارچێوەی هەماهەنگی هەیە.

بە شێوەیەك خۆی دەسەڵات و هەژموونی بەسەردا هەبێت. هەروەها پەیوەندیی زۆر بەهێزی لەگەڵ ئێراندا هەیە، لەگەڵ ئەوەشدایە گرووپە میلیشیاکان تێکەڵ بە سوپای عێراق نەکرێن و سەربەخۆیی خۆیان هەبێت. لە کاتێکدا سودانی زیاتر کەسێکی پراگماتییە و، زیاتر حەزی لەوەیە لەنێوان ئەمریکا و ئێراندا باڵانس ڕابگرێت. دیارە لە ڕابردوودا نوری مالیکیفاکتەری سەرەکی بووە بۆئەوەی سودانی پۆستی سەرۆکوەزیران وەربگرێت، بەڵام تا دێت ناکۆکییەکانی نێوان ئەم دوو کەسە پەرە دەستێنێت.

لە ساڵی (٢٠٢٤) دوای ئاشکرابوونی تۆڕێکی هەواڵگەری و سیخوڕی لە نوسینگەی سودانی، کە ڕکابەرەکانی کرابوونە ئامانج، لەوانەش مالیکی و کەسانی تری دیاری شیعە، ناکۆکیی زۆر کەوتە نێوان مالیکی و سودانی. ئەم ڕوداوە ئەوەی دەرخست؛ کە سودانی نیازی پەراوێزخستنی نەیارەکانی هەیە. ئەوەی زیاتر ئاگری ناکۆکییەکانی نێوان هەردوو لای خۆش کرد، پەیوەندیی بە هەوڵەکانی سودانییە هەیە بۆئەوی بۆ دووەم جار پۆستی سەرۆکوەزیران وەربگرێت. نوری مالیکی ترسی گەورەی هەیە لەوەی سودانی ببێتە کەسی ژمارە یەك لە ڕووی دەنگەوە لە ناو پێکهاتەی شیعەکاندا، بەتایبەت دوای کشانەوەی سەدر لە پرۆسەی سیاسی. هەروەها بە هۆی بەشدارینەکردنی سەدر، کێبڕکێی سەرەکی لەنێوان ئەم دوو لیستەی شیعەدا زۆر توند بووە. نوری مالیکی نیگەرانە لەوەی سودانی پۆستی سەرۆکوەزیران بۆ بەرژەوەندیی لسیتەکەی بەکاربهێنێت، وەك چۆن لە ڕابردوودا خۆی هەمان کاری کردووە. دەبێت ئەوەش بڵێین؛ بنکەی جەماوەریی هەردووکیان زۆر لێك نزیکە و سودانیش لە ڕابردوودا ئەندامی هاوپەیمانیی دەوڵەتی یاسا و هەروەها هەردووکیان لە پارتی دەعوەی ئیسلامی بوونە. بۆیە پێگەی جەماوەریی هەردووکیان لە یەك پارت و یەک هێزەوە سەرچاوە دەگرێت. بۆیە بەهێزبوونی هەر لایەنێك یان هێنانی دەنگی زۆر، لەسەر حسابی لایەنەکەی تر دەبێت. هەروەها مالیکی باش لەو ڕاستییە تێدەگات، کە لە ئەگەری سەرکەوتنی لیستەکەی سودانی، نەک هەر چانسی مالیکی بۆ ئەوەی ببێتە سەرۆکوەزیران زۆر کەم دەکات. بەڵکو ئەو چانسەشی نامێنێت وەك جاران کەسێك بکاتە سەرۆکوەزیران، کە بە دڵی خۆی بێت.

هەموو ئەم فاکتەرانەی سەرەوە وای کردووە، مالیکی هەنگاوەکانی بۆ دژایەتیکردنی سودانی بەچڕی بخاتە کار. مالیکی بۆئەوەی ڕێگری لە بەهێزبوونی سودانی بکات لەسەرەتادا هەوڵی دا هەڵبژاردنی پێشوەختە لە عێراق بکرێت. ئەمەیش بۆئەوەی دەرفەت بە سودانی نەدرێت پێگەی خۆی بەهێز بکات. لەم ڕووەوە، لە (١٣)ی حوزەیرانی ساڵی (٢٠٢٤) مالیکی لە لێدوانێکدا بۆ کەناڵی (ئەلشەرقیە) جەختی لەسەر ئەوە کردەوە؛ گرنگە هەڵبژاردنی پێشوەختە لە کۆتایی ساڵی (٢٠٢٤) ئەنجام بدرێت. هەروەها داوای کرد یاسایەك دابڕێژرێت کە سەرۆکوەزیران بۆی نەبێت خۆی کاندید بکات. ئەمەیش بۆئەوەی ڕێگری لەوە بکرێت سامان و دەسەڵاتی دەوڵەت بۆ کۆکردنەوەی دەنگەکان بەکاربهێنرێت. هەروەها مالیکی لە دیدارەکەیدا داوای کرد یاسای هەڵبژاردنەکانیش گۆڕانکاریی بەسەردا بێت و بازنەکانی هەڵبژاردن وەك ساڵی (٢٠٢١) بێت. لێرەدا مالیکی لە هەوڵەکانی بۆئەوەی یاسای هەڵبژاردنەکان گۆڕانکاریی تێدا بکرێت دوو مەبەستی سەرەکیی هەبوو: لەلایەك، مالیکی لە هەڵبژاردنەکانی ساڵی (٢٠٢١) توانی دەنگی زۆر بەدەست بهێێت و لەسەر ئاستی لایەنە شیعەکان لە دوای سەدر لە ڕیزبەندیی دووەم بێت. بۆیە مالیکی پێی وایە یاسای ساڵی (٢٠٢١) دەبێتە هۆی بەهێزبوونی پێگەکەی لە هەڵبژاردنەکانی داهاتوودا. لەلایەکی تریشەوە، مالیکی دەیویست لە ڕێگەی ئەم یاسایەوە لە پێگەی سودانی بدرێت، بەتایبەت ئەگەر هەڵبژردنەکان بەپێی یاسای ساڵی (٢٠٢١) بوونایە، لەوانەبوو سودانی نەتوانێت دەنگی زۆر کۆبکاتەوە، بەڵام هەوڵەکانی مالیکی بۆ ئەنجامدانی هەڵبژاردنی پێشوەختە سەریان نەگرت و پێشنیازەکانی ڕەتکرانەوە، بەتایبەت دوای ئەوەی زۆرینەی هێزەکانی ناو چوارچێوەی هەماهەنگی و سوننە و کوردەکان لەگەڵ ئەو هەنگاوەدا نەبوون.

لەدوای دیاریکردنی وادەی هەڵبژاردنەکان و ڕاگەیاندنی لیستی سەربەخۆ لەلایەن سودانییەوە، ململانێی نێوان ئەو دوو سەرکردە شیعەیە چووە قوناغێکی ترەوە. بەتایبەت بەرپرسانی چوارچێوەی هەماهەنگی و بەتایبەتیش مالیکی، ترسیان هەیە سودانی سەروەت و سامان و پێگەی دەوڵەت بۆ کوکردنەوەی زۆرترین دەنگ و کورسی لە عێراقدا بەکاربەهێنێت. هەر ئەمەیش وای کرد سەرۆککۆماری عێراق، کە هاوپەیمانێکی نزیکی چوارچێوەی هەماهەنگییە، لە ژێر گوشاری نوری مالیکی و هاوپەیمانەکانیدا چەند ڕاسپاردەیەك ئاراستەی لایەنە پەیوەندیدارەکان بکات، بە مەبەستی شەفافکردنی پرۆسەی هەڵبژاردنەکان حکومەت پابەند دەکات؛ چەند هەنگاوێك بگرێتە بەر تاکو پرۆسەی هەڵبژاردن تەواو دەبێت.

لە گرنگترین ئەو ڕاسپاردانە؛ ڕاگرتنی هەموو جۆرە دامەزراندنێك لە دامودەزگاکانی حکومەت، ڕێگریکردن لە دابەشکردنی زەوی بەسەر فەرمانبەراندا، ڕێگریکردن لە گواستنەوەی ئەندامانی بواری سەربازی و پلە بەرزکردنەوەیان. هەروەها جەختکردن لەسەر ئەوەی نابێت بە مەبەستی کاریگەریکردنە سەر دەرئەنجامی هەڵبژاردنەکان توانا مادی و مرۆییەکانی دەوڵەت بەکار بهێنرێت. چوارچێوەی هەماهەنگی لە کۆبوونەوەی خۆیدا لە (٢)ی ئاب ئەم ڕاسپاردانەی بۆ لایەنی پەیوەندیدار ناردووە. لە دوای ساڵی (٣ . ٢) ئەمە یەکەم جارە سەرۆککۆمار ئەو جۆرە ڕاسپاردانە دەردەکات، کە مەبەستی هەرە سەرەکیی ئەم ڕاسپاردانە لێدانە لە سودانی، بۆئەوەی نەتوانێت پێگەکەی بۆ کۆکردنەوەی دەنگەکان بەکاربهێنیت. لە لایەکی تریشەوە دیارترین بەریەککەوتنی مالیکی و سودانی بریتی بووە لە ململانێ لەسەر وەرگرتنی پۆستی پاریزگاری بەغدا. بو ئەم مەبەستە هەردوو لایەن کاندیدی خۆیان هەبووە، بەڵام مالیکی توانی ئەم شەڕە لە سودانی بباتەوە و پۆستەکە بۆ کەسێکی سەر بە کوتلەکەی یەکلایی بکاتەوە. ئەمە لە کاتێکدایە نوری مالیکی بۆ دژایەتیکردنی سودانی، وەك کاندیدی ژمارە یەك لەسەر بازنەی پاریزگای بەغدا خۆی کاندید کردووە.

بەدەر لەم دوو لیستەی شیعەکان، خەزعەلیی سەرۆکی گرووپی میلیشیای عەسایبی ئەهل حەق، هادی عامریی سەرۆکی لیستی فەتح، هاوپەیمانیی (قوى الدولة) کە لەلایەن عەمار حەکیم-ەوە سەرکردایەتی دەکرێت، بڕیاریان داوە بە لیستی جیاواز بەشداریی هەڵبژاردنەکان بکەن. هەرچەندە زۆربەی ئەم هێزانە خۆیان یەکلا نەکردووەتەوە و چاوەڕێی دەرئەنجامەکان دەکەن، بەڵام ئەوەی بڕیار دەدات ئەم هێزانە پاڵپشتیی کام لایەن بکەن ئێرانە. بەتایبەت خەزعەلی، هادی عامری و گرووپە چەکدارەکان زیاتر پاڵپشتی ئەو کاندیدە دەکەن کە بە دڵی ئێران بێت. بەگشتی چاوەڕێ ناکرێت ئەم جارەش لە ناو هێزە شیعەکاندا هێزێك هەبێت دژایەتیی دەستتێوەردانەکانی ئێران بکات. لەلایەکی تریشەوە دیارە، کە وێڕای ناکۆکی و دووبەرەکیی نێوان هێزە شیعەکان، بەڵام ئەگەری زۆر هەیە لە دوای هەڵبژاردنەکان لە ژێر کاریگەریی ئێراندا یەك بگرنەوە. بەتایبەت وەك ئاماژەمان پێکرد هاوپەیمانەکانی ئەم جارەش بە هیچ شێوەیەك نەیانتوانیوە سنوری تایفی و نەتەوەیی تێپەڕ بکەن، بەڵکو زۆربەی هاوپەیمانێتییەکان لەسەر بنەمای تایفی و مەزهەبین و هیچ لیستیکی بەهێز نییە کە کۆکەرەوەی هەموو پێکهاتە و تایفەکان بێت. لە لایەکی تریشەوە لیستە بەهێزەکانی شیعەکانیش پەیوەندیی بەهێزیان لەگەڵ ئێراندا هەیە. ئەمەیش ئاماژەیەکە بۆئەوەی نەخشە و هاوکێشە سیاسییەکانی عێراق بە زەحمەت گۆڕانکارییان بەسەردا دێت.

ئەوەی جێگەی سەرنجە ناکۆکییەکانی ناو چوارچێوەی هەماهەنگی تەنیا لەنێوان مالیکی و سودانیدا قەتیس نەبوونە، بەڵکو ئێستا ناکۆکیی توند لەنێوان سودانی و کۆمەڵێك لە گرووپە چەکدارەکانی سەر بە ئێران، لەوانەش کەتایبی حزبوڵڵا، هەیە. ئەم گرووپانە بە هەموو شێوەیەك دژایەتیی ئەوە دەکەن؛ کە سودانی دووبارە ببێتەوە بە سەرۆکوەزیران. لەسەرەتای دەستبەکاربوونی، حکومەتی سودانی لە زۆر هەنگاویدا پاڵپشتیی گرووپە چەکدارەکانی کرد. لە سەردەمی سودانیدا ژمارەی هێزەکانی حەشدی شەعبی گەیشتە (٢٣٨) هەزار کەس و بودجەی هێزەکانی حەشد بۆ (٣،٦) ملیارد دۆلار بەرز بووەوە. لە لایەکی ترەوە سودانی لە (٢٨)ی تشرینی دووەمی ساڵی (٢٠٢٢) ڕەزامەندیی لەسەر دروستکردنی کۆمپانیای بەڵێندەری موهەندیس(شركة المهندس العامة) دا و، لە شوباتی ساڵی (٢٠٢٣) کۆمپانیاکە بەفەرمی تۆمار کرا. دەکرێت بڵێین ئەم کۆمپانیایە باڵی ئابووریی گرووپە چەکدارەکانە و مافی پێدراوە لە هەموو بوارەکانی بازرگانی، نەوت، خانووبەرە، پڕۆژەی پیشەسازی، کشتوکاڵی، پیشەسازیی سەربازی کار بکات. ئەم کۆمپانیایە هەر لەسەرەتاوە یەدەگی (١٠٠) ملیارد دیناری هەبووە. لە چەندین بۆنەدا سودانی جەختی لەسەر ئەو کردووە کە کۆمپانیای موهەندیس دەکرێت خزمەتگوزاریی زۆر پێشکەش بە هاووڵاتیانی عێراق بکات.

لە لایەکی ترەوە، سودانی لە ڕووی سیاسیەوە پاڵپشتیی بەرنامە و سیاسەتەکانی گرووپە چەکدارەکانی کردووە، بەتایبەت یەکێك لە خاڵە هەرە گرنگەکان، کە هێزە پرۆکسییەکانی ئێران جەختی لەسەر دەکەنەوە؛ دەرکردنی هێزەکانی ئەمریکایە لە عێراق. هەرچەندە لە سەرەتاوە وا دەردەکەوت، کە سودانی بەرامبەر گوشاری ئێران و گرووپە چەکدارەکان بۆ دەرکردنی هێزەکانی ئەمریکا، خۆی ڕادەگرێت و ناچێتە ژێر باری داواکارییەکانیانەوە. بەتایبەت سودانی لە کانوونی دووەمی ساڵی (٢٠٢٣) جەختی لەسەر ئەوە کردەوە، کە پێویستیان بە مانەوەی هێزەکانی ئەمریکا هەیە و هیچ وادەیەك بۆ کشانەوەی هێزەکانی ئەمریکا لە عێراق دانانێت، بەڵام لە دوای ڕوداوەکانی (٧)ی تشرینی دووەمی ساڵی (٢٠٢٣) و توندبوونەوەی ململانێی نێوان ئێران و پرۆکسییەکانی لەگەڵ ئیسرائیل، لەژێر گوشاری گرووپە چەکدارەکاندا گۆڕانکاری بەسەر هەڵوێستی سودانیدا هات و جەختی لەسەر کشانەوەی هێزەکانی ئەمریکا لە عێراق کردەوە.

لەم ڕووەوە، سودانی جەختی لەسەر ئەوە کردەوە، کە بە مانەوەی هێزەکانی ئەمریکا بیانوو دەدەنە دەستی هێزە چەکدارەکان بۆئەوەی خۆیان پڕچەك بکەن. بۆیە ئەگەر هێزەکانیان بکێشنەوە، هیچ بیانوویەك بۆ مانەوەی چەك لە دەستی گرووپە چەکدارەکاندا نامێنێت. ئەمە لە کاتێکدایە سەرچاوەکان باسیان لەوە دەکرد، سودانی لەگەڵ گرووپە چەکدارەکان ڕێککەوتنی کردووە، کە هێرش نەکەنە سەر هێزەکانی ئەمریکا و لە بەرامبەردا سودانی بەڵێنی پێ داون، کار بۆ دەکردنی تەواوەتیی هێزەکانی ئەمریکا لە عێراق بکات. گۆڕانی هەڵوێستی سودانی بووە هۆی ئەوەی دووبارە پرسی مانەوە یان کشانەوەی هێزەکانی ئەمریکا ببێتە بابەتێکی سەرەکیی دانوستان لەنێوان هەردوو لا. لە کانوونی یەکەمی ساڵی (٢٠٢٤) یەکەم گەڕی دانوستانەکان لەنێوان حکومەتی سودانی و ئەمریکا سەبارەت بە کشانەوەی هێزەکانی لە عێراق بەڕێوە چوو. لە (٢٧)ی ئەیلولی ساڵی (٢٠٢٤) لە بەیاننامەیەکی هاوبەشدا هەردوو لا جەختیان لەسەر کشانەوەی هێزەکانی هاوپەیمانان لە عێراق بە دوو قوناغ کردەوە. لە قۆناغی یەکەمدا کە لە ئەیلولی ساڵی (٢٠٢٥) کۆتایی دەهات، دەبووایا ئەمریکا لە چەند ناوچەیەکی دیاریکراوی عێراق بکێشێتەوە. لە قۆناغی دووەمدا کە تا ئەیلولی ساڵی (٢٠٢٦) دەخایەنێت، دەبێت ئەمریکا و هاوپەیمانان بەتەواوەتی هێزەکانیان لە عێراق بکێشێننەوە.

سەبارەت بە بابەتی دەرچوونی یاسای حەشدی شەعبی، سەرەڕای گوشارەکانی ئەمریکا، سودانی پێداگری لەسەر دەرچوونی یاساکە دەکات. لەم ڕووەوە سودانی لە دیداریکد لەگەڵ (THE ASSOCIATED PRESS) جەختی لەسەر ئەوە کردەوە، کە دەرچوونی ئەم یاسایە دەبێتە هۆی ئەوەی باشتر ئەم هێزانە کۆنترۆڵ بکرێن و بێنە ژێر دەسەڵاتی حکومەتەوە. ئەوەی لێرەدا جێگەی سەرنجە ئەوەیە کە ئێران و گرووپە چەکدارەکان هەنگاوەکانیان بۆ دەکردنی یاسای حەشدی شەعبی لە پەرلەمان چڕ کردووەتەوە. بێگومان ئەگەر یاساکە دەربچێت سوپایەکی تری هاوتەریبی سوپای فەرمی لە عێراقدا دروست دەبێت، ئەمەیش کاریگەریی زۆر خراپ دەکاتە سەر سەقامگیریی عێراق. بەتایبەت بەشێکی زۆری گرووپەکانی ژێر چەتری حەشدی شەعبی سەربە ئێرانن و فەرمان و بڕیارەکان لە ئێران وەردەگرن. بۆیە بە یاساییکردن و بە دەستووریکردنیان و پێدانی چەکی زۆر پێشکەتوو بەو گرووپانە دەبێتە هۆی ئەوەی زیاتر دامەزراوە سەربازییەکانی عێراق لاواز ببن، بەڵام دیارە، ئێران و گرووپە چەکدارەکان پێداگری لەسەر دەرکردنی یاسایەکە دەکەن.

لەم ڕووەوە، خەزعەلی سەرۆکی عەسایبی ئەهلی حەق جەختی لەسەر ئەوە کردووەتەوە، کە هەڕەشەکانی ئەمریکا بۆ ڕێگریکردن لە دەرچوونی یاسای حەشد دەستتێوەردانێکی ئاشکرایە لە کاروباری عێراق و سنوری دیبلوماسیی تێپەڕاندووە و دەستدرێژەییە بۆ سەر سەروەری و سیادەی عێراق هەنگاوێکی پەسەندنەکراوە. هەروەها هادی عامری لە (١٧)ی ئابی ساڵی (٢٠٢٥) جەختی لەسەر ئەوە کردەوە، کە ناچنە ژێر گوشارە نێودەوڵەتییەکان و، یاسایەکە دەردەکەن. ئەمە لە کاتێکدایە ئێرانیش گوشارەکانی زیاتر کردووە بۆ ئەوەی ئەو یاسایە دەربکرێت. بەتایبەت فەرماندەی سوپای قودس لە مانگی تەمموزی ساڵی (٢٠٢٥) دوو جار سەردانی عێراقی کرد و داوای لە هاوپەیمانەکانی کرد؛ پەلە بکەن لە دەرکردنی یاساکە. هەروەها عەلی لاریجانی لە (١١)ی ئابی ساڵی (٢٠٢٥) سەردانی عێراقی کرد، یەکێك لە خاڵە هەرە گرنگەکان هاندانی هاوپەیمانەکانی بووە بۆ ئەوەی پەلە بکەن لە دەرکردنی یاساکە. ئەمە لە کاتێکدایە ڕاوێژکاری خامنەیش (عەلی ئەکبەری ویلایەتی) لە (٩)ی ئابی ساڵی (٢٠٢٥) جەختی لەسەر دەرکردنی یاسای حەشدی شەعبی کردەوە.

ئەم هەنگاوانە لە کاتێکدایە، ئەمریکا پێداگری لەسەر ئەوە دەکات، کە نابێت یاساکە دەربچێت. لەم ڕووەوە، ئەمریکا لە ڕێگای (مارکۆ ڕۆبیۆ)وە لە (٢٢)ی تەمموز لە ڕێگەی تەلەفۆنەوە داوای لە سودانی کرد ڕێگری بکات لە دەرچونی یاسای حەشدی شەعبی و ئاماژەی بەوە کرد؛ کە ئەو یاسایە دەبێتە هۆی زیادبوونی هەژموون و کاریگەریی ئێران لەسەر عێراق. هەروەها گوتەبێژی وەزیری دەرەوەی ئەمریکا (تامی برۆس) بەتوندی دژایەتیی ئەمریکای بۆ پرۆژەیاسای حەشدی شەعبی ڕاگەیاند و ئاماژەی بەوەی کرد؛ کە ئەمریکا پاڵپشتیی تەواوی سەروەری و سیادەی عێراق دەکات، نەك پاڵپشتیکردنی پرۆژەیاسایەك، کە عێراق دەخاتە ناو بازنەی دەوڵەتێکی سەربە ئێران. هەروەها ئاماژەشی بەوە کرد؛ کە بەم پڕۆژە یاسایە، گرووپە چەکدارەکان بە یاسایی و دەستووری دەکرین، کە بەشێکیان گرووپی تیرۆریستین و سەربە ئێرانن. ئەمەیش پێچەوانەی ڕێککەوتنی ستراتیژیی ئەمریکا لەگەڵ عێراق و یارمەتییە سەربازییەکانی ئەمریکایە بۆ ئەو وڵاتە. ئەم هەوڵانەی ئەمریکا لە کاتێکدایە، کە لە لوبنانیش هەنگاوەکانی حکومەت بەو ئاراستەیەیە، کە حزبوڵڵای لوبنانی بێچەك بکرێت. هەوڵ و گوشارەکانی ئەمریکا وای کرد، بۆ کاتی ئێستا هێزە شیعەکانی هاوپەیمانی ئێران لە دەکردنی یاساکە پاشەکشە بکەن، بەڵام گومانی تێدا نییە چاوەڕێی دەرفەتی گونجاوترن بۆئەوەی یاساکە لە پەرلەمان دەربکەن.

وێرای پاڵپشتیی زۆری سودانی بۆ گرووپە چەکدارەکان، بەڵام لەم دواییەدا ناکۆکییەکانی نێوانیان ڕوویان لە هەڵکشان کردووە. لەم ڕووەوە لە (٢٧)ی تەممووزی ساڵی (٢٠٢٥) ئاستی ناکۆکییەکان گەیشتە پێکدادانی سەربازی لەنێوان کەتایبی حزبوڵڵا و حکومەتی عێراق لە بەغدا، کە بەهۆیەوە چەندین کەس کوژران و بریندار بوون. حکومەتی عێراق هەردوو لیوای (٤٥ و ٤٦)ی سەر بە کەتایبی حزبووڵڵای بە ئەنجامدانی ئەو هێرشانە تۆمەتبار کرد و، فەرماندەی هەردوو لیواکە لەسەر کار لابرن. ئەمە یەکەم جار بوو حکومەتی عێراق بەئاشکرا ئالەنگاریی گرووپەکانی حەشد بکات، بەتایبەت کەتایبی حزبوڵڵا، کە بەهێزترین گرووپی چەکدارییە لە عێراقدا و ڕاستەوخۆ سەر بە سوپای قودسی ئێرانە. وەک کاردانەوەیەک، لە (٧)ی ئابی ساڵی (٢٠٢٥) کەتایبی حزبوڵڵا لە بەیاننامەیەکدا داوای لە چوارچێوەی هەماهەنگیی شیعەکان کرد؛ سنورێك بۆ سودانی دابنن و ڕێگە نەدەن بەرهەمی قوربانیدان و خەباتەکەیان بدزێت. لە (٩)ی ئابی ساڵی (٢٠٢٥) سودانی لە لێدوانێکدا بۆ زیاتر گوشارخستنە سەر نەیارەکانی، جەختی لەسەر ئەوە کردەوە؛ کە دەبێت چەک تەنیا لە دەست حکومەت بێت.

ئەم لێدوانەی سودانی دەنگدانەوەی زۆری هەبوو و هەندێك کەس وایان لێکدایەوە؛ کە پێدەچێت سیاسەتی سودانی بەرامبەر گرووپە چەکدارەکان گۆڕانکاریی بەسەردا هاتبێت، بەڵام پێناچێت گۆڕانێك لە سیاسەتەکانی سودانی ڕوویدابێت، لەوەدا مەبەستی تەنیا بەشێك لە گرووپە چەکدارەکانی ناو حەشدی شەعبییە، کە دژایەتیی فەرمانەکانی سووودانی دەکەن و کار بۆ لێدان لە پێگەکەی بەشێوەیەکی گشتی دەکەن، بەدەر لە مالیکی هەموو ئەوانەی بوونەتە سەرۆکوەزیرانی عێراق پێگەیەکی لاوازیان هەبووە. هۆکارەکەش بۆ ئەوە دەگەڕێتەوە کە ئێران ڕێگر بووە لەوەی سەرکردەیەکی بەهێز لە ناو هێزە شیعەکاندا دروست ببێت، کە خاوەنی پێگەی جەماوەری بێت. بۆیە هەر کەسێك بیەوێت ببێتە سەرۆکوەزیران، دەبێت پاڵپشتیی ڕاستەخۆی ئێران و هاوپەیمانەکانیی هەبێت. ئەمەیش واتە لە عێراقدا هەموو کات ئەوەی زۆرترین دەنگ دەهێنێت ناتوانێت پۆستی سەرۆکوەزیران وەربگێرت، باشترین نمونەش لیستی سەدر بوو، کە (٧٣) کورسیی هەبوو، بەڵام ناچار کرا لە تەواوی پرۆسەی سیاسی بکشێتەوە. بۆیە ئێران هەموو کات لەگەڵ ئەوەدا بووەکەسێکی لاواز و بێدەسەڵات بکاتە سەرۆکوەزیران، بۆئەوەی نەتوانێت ڕووبەڕووی سیاسەتی ئێران و هاوپەیمانەکانی ببێتەوە.

## دەربارەی ئێمە

دامەزراوەی ڤیژن بۆ لێکۆڵینەوەی ستراتیجی لە ڕێکەوتی ١/٩/٢٠٢٤ لەلایەن کۆمەڵێک لە دەستەبژێری ئەکادیمی، ڕۆژنامەوان و ڕۆشنبیران دامەزراوە. ئەم دامەزراوەیە وەک خانەیەکی هزری بونیادنەر، لەپێناو تێگەشتنی هاوبەشدا کار دەکات، بە ئامانجی دروستکردنی داهاتوویەکی گەشەسەندوو بۆ هەرێمی کوردستان و عێراق، لە ڕێگەی ئەنجامدانی لێکۆڵینەوە و دروستکردنی دیالۆگ بۆ چارەسەرکردنی قەیرانەکان.

## دیدگا

دامەزراوەی ڤیژن بۆ لێکۆڵینەوەی ستراتیجی، سەرچاوەیەکی متمانەپێکراوی زانیارییە و پردێکە لە نێوان توێژەران، ئەکادیمییان، سیاسەتمەداران، کۆمەڵگەی مەدەنی، هاووڵاتیان و ناوەندەکانی بڕیار، بە مەبەستی بونیادنانی داهاتوویەکی گەشەسەندوو بۆ هەرێمی کوردستان و عێراق.

## پەیام

- بەهێزکردنی کولتوری بەشداریکردنی هاوڵاتیان لە بڕیاردانددا بەمەبەستی کارکردن بۆ حوکمڕانییەکی دروست.
- ئەنجامدانی لێکۆڵینەوە لە سەرجەم بوارەکانی سیاسی، یاسایی، ئابووری و کۆمەڵایەتی، هەروەها داڕشتنی پلانی ستراتیجی بە مەبەستی بەشداریکردن لە گەشەپێدانی وڵاتدا.
- ئەنجامدانی گفتوگۆی بونیادنەر و بەرهەمدار بۆ لێکۆڵینەوە لە کێشەکانی کۆمەڵگا.
- لێکۆڵینەوە و شیکردنەوەی پەیوەندی نێوان دەسەڵاتەکانی جێبەجێکردن، یاسادانان و دادوەری، هەروەها پەیوەندی نێوان حکومەتی فیدراڵی عێراق و حکومەتی هەرێمی کوردستان و پارێزگاکان.
- ئەنجامدانی لێکۆڵینەوە لە بوارە ژینگەییەکان و گۆڕانی ئاو و هەوا.

دامەزراوەی ڤیژن بۆ لێکۆڵینەوەی ستراتیجی (VFSS)

هەرێمی کوردستان - عێراق، سلێمانی
WWW.VISIONFOUNDATIONIQ.ORG

پەیوەندیکردن:

بۆ پرسیارکردن دەربارەی دەرفەتەکانی هاوکاری، داوای زانیاری زیاتر،
یان گفتوگۆکردن لەسەر هەر پرۆژەیەک ، تکایە پەیوەندیمان پێوە بکەن:

INFO@VFSSIQ.ORG

Vision Foundation
for Strategic Studies

info@vfssiq.org
+964 772 330 0005
www.visionfoundationiq.org
Sulaymaniyah, Ashty, Opposite to Azadi Park

visionfoundationiq